2010 ساڵی خوێندن هێنە ئەی ساڵی خەبات خوێندن بۆ کچان

هێرۆ کەل عەبدی

خوێندن وەک مافێکی سەرەکی هەموو مرۆڤێک، بەڵام بۆ کچانی کورد بە تایبەتی، بە هۆی ئەو دابونەریتە کۆنەپارێزانەی کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا زاڵن، بە ئەرکێکی قورس و گران دادەنرێت. ئەو دابونەریتانەی کە بە درێژایی مێژوو بەرەنگاری خوێندنی کچان بوونەتەوە و ڕێگرییان لە بەردەم کچانی کورد دروست کردووە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن بچنە قوتابخانە و خوێندن تەواو بکەن.

ئەمساڵ وەک هەموو ساڵێک، ڕۆژی ٣ ی کانونی دووەم وەک ڕۆژی خوێندنی کچان ڕادەگەیەنرێت، بەڵام ئەمساڵ ئەم ڕۆژە لە کاتێکدا دێت کە ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێت ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی خوێندنی کچان ناو ببەین، ئەوا دەبێت ساڵی ٢٠١٠ ساڵی خەبات بۆ خوێندنی کچان بێت.

ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێت ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی خوێندنی کچان ناو ببەین، ئەوا دەبێت ساڵی ٢٠١٠ ساڵی خەبات بۆ خوێندنی کچان بێت.

سەرکەوتنی خەباتکارانی کۆمەڵەی ڕەسڵم خوێندنی بۆ کچان دەستەبەر کرد

دەنگ - سەردەشت